# کەمترین ئازاری خەڵکی دۆزەخ لەسەر کەسێکە دوو نەعل ودوو قەیتانی ئاگرینی لەپێدایە، بەهۆیانەوە مێشکی دەکوڵێت هەروەکو چۆن مەنجەڵ دەکوڵێت

لە نوعمانی کوڕی بەشیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «کەمترین ئازاری خەڵکی دۆزەخ لەسەر کەسێکە دوو نەعل ودوو قەیتانی ئاگرینی لەپێدایە، بەهۆیانەوە مێشکی دەکوڵێت هەروەکو چۆن مەنجەڵ دەکوڵێت، وا دەزانێت کەس ئازاری وەکو ئازاری ئەو سەخت نییە، لە کاتێکدا ئەو کەمترین سزا وئازاری لەسەرە».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ڕایدەگەیەنێت کە کەمترین ئازار وسزای خەڵکی دۆزەخ لە قیامەتدا لەسەر کەسێکە کە دوو نەعلی لەپێدایە ودوو قەیتانیان پێوەیە هێندە گەرمن بەهۆیانەوە مێشکی دەکوڵێت، هەروەکو چۆن مەنجەڵی مس دەکوڵێت، وپێی وایە هیچ کەسێك ئازاری لە ئەو زیاتر نییە، لەکاتێکدا ئەو کەمترین سزای هەیە ئەمیش وا دەکات لە ڕوانگەی لاشەیی ودەروونیەوە ئازار بچێژێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4220

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee